# شكاتكارەكان
# لەدادگایی كردنی تاوانباراندا

ئا: عەرعەر



دەسەلاَتی درێژخایەنی حیزبی بەعس و ئەنجامدانی سەدان تاوانی كەم وێنە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، ڕوخانی دەسەلاَتی حزبی بەعس لەعێراق و دەستگیركردن و دادگایی كردنی بەشێكی زۆر لەكارەكتەرە گەورەكانی ئەو حزبەو لە سێدارەدانی چەند كەسێكیان، چەند قۆناغێك بوون لەچەند ساڵی ڕابردوودا ئەم ناوچەی عیراق بەخۆیەوە بینی.

ئەو كەسانەی لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا قسە دەكەن زۆربەی كەس وكاریان لە شالاَوی ئەنفالدا لە ناوچوون، هەر یەكەشیان لە بەشێك لە دانیشتنەكانی دادگایكردنی تاوانبارانی ئەنفالدا ئامادە بوون و وەك شایەتحاڵ و شكاتكار چیرۆكی ئەو سەردەمەیان گێڕاوەتەوەو داواكارییەكانیشیان خستۆتە بەردەستی دادگای بالاَی تاوانەكان لە عێراق.

سەبارەت بە چۆنێتی ناونوسینیانو هەڵبژاردنیان و گەشتنیان بە هۆڵی دادگایی، (مەهدییە عەلی شەریف) لە گوندی (گۆلباخ) دەڵێت "ماوەیەكی زۆر لەمەوبەر هاتن ناوی هەموومانیان نوسی لەگەڵ ژمارەی ئەنفالەكانمان، دوای ئەوە لە دایەرەی ئاوارەو ئەنفالەوە هاتن وتیان كامتان دێن بۆبەغدا وتم هەربۆ دادگایی سەدام بێت لە هەركوێیەك بێت ئەچم، بردمانیان بۆ سلێمانی شەوێك لەویٚ ماینەوە، بەیانی چوینە مەتاری سلێمانی لەویٚ سەركەوتین بۆ بەغدا، لە بەغدا چوینە شوێنێك كە جێگەی ئەمریكییەكان بوو، یەك شەو لەویٚ ماینەوە، دوای ئەوە بردمانیان بۆ ئوتێل و (7) شەویش لەویٚ ماینەوە، خزمەتی زۆریان كردین".

كاتێك كە لە بەغدابوون هیچ كەس پێی نەوتن باسی چی بكەن یان هیچ فشارێكتان لەسەر نەبوو لەكاتی قسەكردندا ؟ ئەم پرسیارەمان ئاراستەی (تەمینە حەمید نوری) كرد، پێی وتین "هیچ كەسێك نەهات بڵێت نابێت ئەو شتە نەڵێن و ئەو شتە بڵێن، هەر ئەوە نەبێت وتیان هەموو شتەكان وەكو خۆی بگێڕنەوە، بەلاّم نابێت جنێو بەكەس بدەن، هەرچەندە نەیان هێشت هەموو قسەكانمان تەواو بكەین".

بە (ئامینە حەسەن فەرەج)مان وت لەو كاتەدا كە چونە هۆڵی دادگایی كردنەكەوە نەئەترسان؟ ئامینە دەڵێت "لە سەرەتاوە تۆزێك ئەترسام، چونكە من شتی وام نەبینیبوو، بەلاّم زۆریش دڵخۆشبووم كە ئەوان بەزمانی ئێمە دادگایی ئەكرێن، هەستم بەوە كرد وام ئەزانی بۆ تۆڵەی كەسوكارەكەم هاتوم بۆیە هەوڵم ئەدا شتی زیاتر بێنمەوە بیری خۆم بەبیٚ ئەوەی درۆبكەم"، ئامینە دەڵێت "نەیان هێشت بەرامبەر تاوانبارەكان دابنیشین بەنیازبووم پێیان بڵێم بۆچی ئێمە چی تاوانێكمانكردبوو كەسوكارمانتان لەناوبردوو خۆشمانتان شەش مانگ سجن كرد ئاخر ئێمەش وەك ئێوە عێراقی نەبوین"، ئێستاش داخ لەوە ئەخوات كە تاوانبارەكانی نەبینیوە، دەڵێت "ئەوەندە ئاواتم هەیە هەموویانم بە دەست پێچیاوی ببینم". ئامینە باسی ئەم جەژنەی خۆیو دایكیمان بۆدەكات دەڵیٚ" وتم دایە گیان بۆ هەر ئەگریت و خەفەت ئەخۆیت، هەرچەندە كوڕو براكانمانیان برد و ئێمەیان توشی خەفەت كرد، بەلاّم لە خوا بەزیاد بێت ئەویش وەك ئێمە كوڕی كوژراو ماڵی وێرا بوو ئەوەتا خۆشیان ئیعدام كرد"

ئاشكرایە تاوانبارانی ئەنفال تائەم كاتە لە سێدارە نەدراون، بابزانین ئەحمەد عوسمان كەریم دانیشتوی گوندی قەشقە و شایەت و شكاتكاری دادگای كردنی

تاوانباران دەڵێت "ئەوان زۆر تاخیر كراون دەبوایە زووتر لە سێدارە بدرانایە، ئەگەر لەوان خۆش بن كەواتە سەدامیش بەبێ تاوان لەسێدارە دراوە چونكە ئەوان وەك یەك تاوانبارن، من ئەمەوێت ئەوانیش وەك سەدام لە سێدارە بدرێن، چونكە تاوانەكەیان مەجالی لێخۆشبوون نادات".

با بزانین لە دوای گەڕانەوی ئەم شایەتحالآنە بۆ كوردستان چییان بۆ كراوەو داوای چی دەكەن، تەمینە حەمید نوری ئێستا لە چەمچەماڵ دادەنیشێت، پێمان دەڵێت "لە بەغداش دەست خۆشیان لێكردین‌و لە هەولێرو سلێمانیش زۆریان پێخۆشبوو هەریەكەو (150) هەزار دیناریان پێماندا، بەلأم تا ئێستا هیچ مەسولێكی چەمچەماڵ نەهاتۆتە ماڵمان‌و هیچ نەبێت دەستخۆشیمان لێبكات".